کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-4-2007 2:01 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئازادی بیروڕا لە مێینەوە دەست پێدەکات، با پێکەوە بەرگری لەو (دوعا) یانە بکەین کە هەڕەشەی مەرگیان لەسەرە ... ئاسۆ بیارەیی

2007-4-25 سوێد

ئەگەر دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان، هەر لە سەرەتای دروستبوونی پەرلەمانی کوردستانەوە، ڕێزی سەروەری یاسایان بگرتایە، مافی گەلیان نە خواردایە، پەرەیان بە گیانی بنەماڵەگەری و گەرای پاشکەوتنیان لە کوردستان نە چەندایە، کێشەکانی خەڵکیان چارەسەربکردایە و هەنگاویان بەرەو پێش بنایە، کلتوری جەهل و نەزانیان لە ڕەگەوە ڕیشەکێش بکردایا، ئەمڕۆ مێینەش ئەو مافەی دەبوو کە وەکو ئینسانێک ڕیزی لێ بگیرایە. ڕەنگە ئەگەر ڕوداوی (دوعا) کچێکی موسڵمان بوایە و لە ناوچەی دەسەڵاتی دووزلهێزەکە ڕوی بدایە، هەرزوو کپ و خامۆش بکرایە، چونکە لە دەرەوەی هێزی ئەوان دەرنەدەچوو.

ئاخر کامە ناوی پێشکەوتنە کە کو ئەندامی مرۆڤێک بە عەیب ناوببرێت و سەربە خۆیی و مێرخاسی لەوێوە و ببینرێت کە بەشێکی ئاسایی مرۆڤە؟ پێم سەیرە کە هەزارەها مێینەی کورد لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە ئەتک کراون کە چی ویژدانی مەلایەک، گاورێک، یان دەسەڵاتدارنی کورد ناجولێت!!!

دەبوو دوای تیرۆرکردنی (دوعا) لە لایەن دەسەڵاتی نەگریسی بنەماڵە و داب و نەریتی ژەنگاوی، لایەکی پەرلەمانی کوردستان دەستی لە کار هەڵگراتایە، نەک وەکو تەماشاکەرێک سەیریان بکردایە، دەبوو بە هەزارەها مێینەی کورد شەقامەکانی کوردستانیان پڕکردایە، چونکە ئەو ئاگرە وا بڕوات هەموویان دەگرێتەوە. دەبوو گەورەترین ناڕەزاییان ڕێک بخستایە!!!!!!

گوێ نەدانی دەسەڵاتی کوردی بە هاوڵاتی کورد و خزمەتکردنی داگیرکەرانی کوردستان، بێدەنگی بەرامبەر تیرۆرکردنی مێینە لە لایەن پیاوەوە، ئەوە دەسەلمێنە کە ئەو دەسەڵاتەش بەشدارە لەو تاوانانە کە دەرهەق بە ژنان و کچان دەکرێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.